# ئەم نەعلانەم ببە، هەرکەسێکت بینی لە پشت ئەم دیوارەوە بە دڵ ویەقینەوە شاهێدی دەدات بە (لا إله إلا الله)؛ ئەوا مۆژدەی چوونە بەهەشتی پێبدە

ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێو کۆمەڵێک لە هاوەڵانی دانیشتبوو وئەبوبەکر وعومەریشمان لەگەڵدا بوو -ڕەزای خوایان لێبێت-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەستا ورۆیشت، وزۆر دواکەوت ونەگەڕایەوە، وزۆری پێچوو ترساين تووشی شتێك بووبێت، خێرا ڕاپەڕین وهەموو هەستاین، من یەکەم کەس بووم، کە هەستام ودەرچووم بە دوای پێغەمبەری خوادا دەگەڕام -صلى الله عليه وسلم-، هەتا گەیشتم بە دیوارێکی ئەنساڕەکانی بەنی نەجار، بە دەوریدا گەڕام بۆ ئەوەی دەرگاکەی بدۆزمەوە؟ ودەرگام نەدۆزیەوە! بەڵام جۆگەلەیەکی بچووکی ئاوم بینی لە دیوارەکەوە دەچووە ژوورەوە، منیش خۆم باريك وكۆ کردەوە، وچوومە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەبو هوریرە»، ووتم: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، فەرمووی: «ئەوە چیتە؟»، ووتم: تۆ لەناو ئێمەدا بوویت هەستایت ورۆیشتیت، زۆر دواکەوتیت، ئێمەیش ترساین تووشی شتێکت بەسەردا هاتبێت، هەموومان راپەڕین، من یەکەم کەس بووم کە راپەڕیم، هاتم بۆ لای ئەم دیوارە و وەکو رێوی خۆم کۆکردەوە بۆ ناو دیوارەکە، خەڵکەکەش لە پشتمەوەن. نەعلەکانی پێدام، وفەرمووی: «ئەی ئەبو هوریرە»، ونەعلەکانی پێدام، وفەرمووی: ئەم نەعلانەم ببە، هەرکەسێکت بینی لە پشت ئەم دیوارەوە بە دڵ ویەقینەوە شاهێدی دەدات بە (لا إله إلا الله)؛ ئەوا مۆژدەی چوونە بەهەشتی پێبدە ...». وپاشان تەواوی فەرموودەکەی باسکرد.

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێو هاوەڵاندا دانیشتبوو، وئەبوبەکر وعومەریشی لەگەڵدا بوو -ڕەزای خوایان لێبێت-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەناکاو هەستا وبۆ ماوەیەکی زۆر نەگەڕایەوە، بۆیە ترسان لەوەی کەسێک ئازاری دابێت لە کاتی تەنها بوونیدا، چونکە مونافیقەکان ودوژمنانی ئیسلام بە بەردەوام دەیانەوێت زیان لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بدەن، بۆیە هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- بە ترس وئاگاوە هەستان، یەکەم کەس کە هەستا ئەبوهورەیرە بوو -ڕەزای خوای لێبێت- هەتا گەیشتە لای دیوارێکی بەنی نەجار، بە دەوری دیوارەکەدا سووڕی خوارد بۆ ئەوەی دەرگایەک بدۆزێتەوە بۆ چوونە ژوورەوە کەچی نەیدۆزیەوە، بەڵام شوێنێکی (بۆشاییەکی) بچووکی دۆزیەوە لە دیوارەکە کە لێیەوە ئاو دەچێتە ژوورەوە، لاشەی کۆکردەوە هەتاوەکو چووە ژوورەوە وپێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم-، پێی فەرموو: (ئەبو هوریرەیە؟)، ووتی: بەڵێ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەعلەکانی خۆی پێدا وئەمیش نیشانە وئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەبوهورەیرە باسی دەکات ڕاستگۆیە لە گێڕانەوەیدا ولە پێغەمبەرەوە بیستوویەتی -صلى الله عليه وسلم-، وپێی فەرموو: (ئەم نەعلانەم ببە، هەرکەسێکت بینی لە پشت ئەم دیوارەوە بە دڵ ویەقینەوە شاهێدی دەدات بە (لا إله إلا الله)؛ ئەوا مۆژدەی چوونە بەهەشتی پێبدە): چونکە هەرکەسێک ئەم ڕستە بڵێت بە یەقین ودڵنیایی لە دڵەوە ئەوا بێگومان فەرمانەکانی خودا جێبەجێدەکات وخۆی لە حەرامکراوەکان ونەهی لێکراوەکان دەپارێزێت، چونکە دەڵێت: هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله، ئەگەر ئەمە واتای ئەم ڕستە مەزنە بێت ئەوا مانای ئەوەیە ئەم کەسەی تەنها خودا دەپەرستێت بە بێ هیچ شەریک وهاوبەش بڕیاردانێک، بەڵام هەرکەسێک بە زمان بیڵێت بەڵام لە دڵەوە یەقین ودڵنیایی نەبێت سەبارەت بەم ڕستەیە ئەوا سوودی بۆی نابێت.